لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئایا دەست دان لە ئافرەت دەستنوێژ دەشکێنێت؟

## لێکدانەوەو تەفسیری ئایەتی

﴿أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ٤٣﴾

(سورة النساء)

**نوسینی** / قاسم بن محمد قاسم ضاهر

**وەرگێڕانی** / زریان سەرچناری

---

ماڵپەڕی بەهەشت

ba8.org

**ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

**نقل الزّعْفَرَانِيّ عن إمام الشَّافِعِي أنه قال:** لو ثبت حديث مَعْبَدُ بْنُ نَبَاتَةَ في القبلةِ لم أر فيها شيئا ولا في اللمس فإن مَعْبَدُ بْنُ نَبَاتَةَ يَرْوِي عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرِو بْنِ عَطَاءٍ عَنْ عَائِشَةَ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ: (أَنَّهُ كَانَ يُقَبِّلُ وَلَا يَتَوَضَّأ) ولكن لا أدري كيف مَعْبَدُ بْنُ نَبَاتَةَ هذا فَإِنْ كَانَ ثِقَةً فَالْحُجَّةُ فِيمَا رُوِيَ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ .

(معرفة السنن والآثار للبيهقي)

**واتە:**

**زەعفەرانی لە ئیمامی شافعیەوە**(رحمهما الله تعالى) **ئەوەی نەقڵکردووە کە فەرمویەتی:** ئەگەر ئەو حەدیثەی کە(مَعْبَدِ ی کوڕی نَباتَه) گێڕاوێتیەوە" دەربارەی ماچ کردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ خێزانەکانی" صەحیح بێت، ئەوە وانابینم کە ماچکردن و دەست لێدانی ئافرەت دەستنوێژ بشکێنن،چونکە مەعبەدی کوڕی نەباتە لە محەمەدی کوڕی عەمروی کوڕی عەتائەوە دەگێڕێتەوە لە عائیشەوە(رضي الله عنها) کە فەرمویەتی: (پێغەمبەر ﷺ ماچی خێزانی خۆی کردووەو دەستنوێژی نەگرتۆتەوە بۆ نوێژ) وە من نازانم ئەو (مَعْبَدِ ی کوڕی نَباتَه)یە چۆنە، بۆیە ئەگەر متمانە پێ کراوبێت ئەوا ئەو فەرمودەیە دەبێت بەبەڵگە، چونکە هەرچی لەپێغەمبەرەوە ﷺ بەصەحیحی گێڕدرابێتەوە دەبێت بەبەڵگە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إن الحمد لله، نحمده تعالى ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلله فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد محمداً عبده ورسوله، وصفيه، وخليله، بلّغ الرسالة، وأدّى الأمانة، ونصح الأمة، وجاهد في الله حق جهاده، حتى أتاه اليقين، وتركنا رسول الله صلى الله عليه وسلم على المحجة البيضاء، والطريق الواضح ليلها كنهارها لا يزيغ عنها إلا هالك، ولا يتنكبها إلا ضال. من يطع الله ورسوله فقد رشد، ومن يعص الله ورسوله فقد ضل ضلالا مبينا.

**برایەکی بەڕێز خوا تەمەن درێژی بکات لەسەر خێر، پرسیاری لەم بەندەیەکرد دەربارەی واتای ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴿٤٣﴾﴾ ئایا مەبەستی لە چونە پاڵ خێزان(جِماع)ـە یان تەنها مەبەستی لە دەست لێوەدانە و هیچی تر؟.**

**منیش بە پشتیوانی ئەو خوایەی کە هیچ هاوەڵێکی نییە، دەڵێم: بە دڵنیاییەوەو بەگوێرەی بەڵگە زانستیە شەرعیەکان لەقورئان و سوننەتدا ڕون و ئاشکرایە کەمەبەست لەو ئایەتە (جِماع)ـە و بەڵگەکانیش لەسەر ئەو بابەتە ڕاست و ڕەوان و بێ پێچ و پەنان.**

سەرەتا لە دەقی ئایەتەکەوە دەست پێدەکەین، چونکە ئەو ئایەتە بنەمای باسەکەمانە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ٤٣ ﴾ (النساء).

واتە: ...وە ئەگەر ئێوە نەخۆشبوون، یان لە سەفەردا بوون، یان کەسێکتان لەسەرئاو هاتبۆوە، یان چوبونە پاڵ ئافرەتان، وە ئاوتان دەست نەکەوت " بۆ دەستنوێژ" ئەوا تەیەموم بکەن... .

ئیمامی عەلی ﵁ وە ئیبنو عەبباس ﵁ وە حەسەنی بەصری و موجاهید و قەتادەو جگە لەوانیش، بۆچونیان وابووە کە وشەی(لَمْس) لەو ئایەتەدا، مەبەست پێی (جِماع)ـە چونکە (جِماع) بەبێ دەست لێوەدان ڕونادات[1].

لە (سَعید ی کوڕی جُبَیر)ەوە (رحمه الله تعالى) گێڕدراوەتەوە کە دەڵێت: لە ناو خەڵکدا باسی ئەو ئایەتە کرا کە ئایا وشەی (لَمْس) بە چی مانایەك دێت؟ ئیتر هەندێك گوتیان مەبەست پێی (جِماع)ـە وە هەندێکی تریان گوتیان مەبەست پێی (جِماع)نی یە، لەمس هەر لەمسە و واتا دەست لێوەدان، ئیتر ئەمەڕوداوەم بۆ(إبنُ عَبّاس ﵁) گێڕایەوە، ئەویش گوتی: تۆ ڕات لەگەڵ کامیاندا بوو؟ منیش گوتم

[1] ( تفسير البغوي: ٢/٢٢٢. وغيره ).

لەگەڵ ئەوانەیاندام کە دەیان گوت مەبەست پێی (جِماع )ـە، ئـیتر (إبنُ عَبّاس رضي الله عنه) گوتی: تەواوە ئەوانەیان بۆچونەکەیان ڕاستە کە گوتیان مەبەست پێی (جِماع)ـە، وە گـوتی: ("الْمَسُّ" و"اللَّمْسُ"، و"الْمُباشَرَةُ") هـەموو بـە واتـای (جِماع)یـش دێـن، چونکە خوای گەورە(يكني ما شاء بما شاء) چۆنی بوێت وا بەکاریان دەهێنێت[1].

وە ئیمامی (شَعْبي رحمه الله تعالى) لە( عَلي کـوڕی أبو طالِب)ـەوە رضي الله عنه گێڕاوێتیـەوە کە فەرمویەتی مەبەست پێی جیماعە[2].

وە لـە(حَسَن رضي الله عنه)یشـەوە گێڕدراوەتـەوە کـە فەرمویـەتی مەبەسـت پێـی جیماعە[3].

وە (خُصَيْف رحمه الله تعالى) دەڵێـت لـە( مُجاهِد)م پرسـی (رحمه الله تعالى) دەربـارەی واتای ئەو ئایەتە, ئەویش گوتی مەبەستی لە جیماعە[4].

وە (قَتادة رحمه الله تعالى) و ( حَسَن ی بَصري رحمه الله تعالى)یـش فەرمویانـە مەبەسـت پێی چونەلای ئافرەتە[5].

---

[1] (البيقهي/ ٦٢٠، وابن جرير/ ٩٥٨١).

[2] (إبْنُ جَرير/٩٦٠٢).

[3] (إبْنُ جَرير/ ٩٦٠٣٢).

[4] ( أخرجه ابن جرير/ ٩٦٠٤).

[5] (أخرجه ابن جرير/ ٩٦٠٥).

منـیش دەڵـێم خـوای گـەورە لـەم ئایەتـەدا ئـەو كاتانـەی ڕون كردۆتـەوە كەموسوڵمان كاتی نەبونی ئاو بۆ دەستنوێژ، بۆی هەیە(تـەیموم) بكات، خـوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ﴾ ئەمە كاتی نەخۆشی﴿ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ﴾ ئەمە لە حاڵەتی سەفەردا﴿ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ ﴾ واتە: كاتی نـەبونی دەستنوێژ ﴿أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴾ واتە: كـاتی لەشـگرانی﴿ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ ﴾. ئەگـەر لـەم كاتانەدا ئاوتان دەست نەكەوت دەتوانن تەیموم بكەن.

جا ئەگەر بەشێوەیەك لێكی بدەینەوە كە وشەی(لَمْسْ) لەم ئایەتەدا مەبەست پێـی شـكاندنی دەسـتنوێژ بێـت بـەهۆی دەسـت لێـدانی ئافرەتـەوە، ئـەوە وا دەردەكەوێت كە لەئایەتەكەدا كەموكوورپیـەك هـەبێت، چـونكە باسـی حاڵـەتێكی تیانیە ! ئەویش كاتی لەشگرانیە كە لەو كاتەیشـدا موسـوڵمان دەتوانێـت تـەیموم بكـات، وەك چـۆن پێغەمبـەرمان ﷺ وای فـەرمووە، وە لەهـەردوو كتێبـە صەحیحەكەدا بۆمان گێڕدراوەتەوە[1].

[1] عن عَمَّارٍ بَعَثَنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي حَاجَةٍ فَأَجْنَبْتُ فَلَمْ أَجِدِ الْمَاءَ فَتَمَرَّغْتُ فِي الصَّعِيدِ كَمَا تَمَرَّغُ الدَّابَّةُ ثُمَّ أَتَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ " **إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ أَنْ تَقُولَ بِيَدَيْكَ هَكَذَا** " ثُمَّ ضَرَبَ بِيَدَيْهِ الأَرْضَ ضَرْبَةً وَاحِدَةً ثُمَّ مَسَحَ الشِّمَالَ عَلَى الْيَمِينِ وَظَاهِرَ كَفَّيْهِ وَوَجْهَهُ.(أخرجه البخاري/ ٣٣٤، ومسلم/ ٨٤٤).

هـەروەها چـونكە لەسـەرەتای ئایەتەكـەدا باسـی حاڵـەتی بـێ دەسـتنوێژی كردووە ئیتر پێویست ناكات دووبارە باسی بێ دەستنوێژی بكاتەوە، بۆیە ئەگـەر تۆزێـك بـەوردی تەماشـای ئایەتەكـە بكـەین دەبیـنین كەمەبەسـت پێـی كاتی(لەشگرانیە) نەك كاتی(بێ دەستنوێژی) لەبەر ئەوە باشـتر وایـە دەسـتەواژە قورئانیەكان بەشێوەیەك لێكبدرێنەوە كەلەگـەڵ گـەورەیی و بـەڕێزی و تـەواوێتی قورئاندا بگونجێـت، چـونكە ئەگـەر ﴿ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ ﴾ هـەروەها﴿ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴾ یەك واتـەیان هـەبێت، ئـەوا دوبـارە بونەوەیـەكی بـێ سـودە، كـە قورئـان زۆر لـەوە گـەورەترە كـە دەسـتەواژەی بـێ سـود و دوبارەبونـەوەی بـێ حیكمەتی تێدابێت.

وە دەربارەی وشـەی (مَسْ) چـەندین جـاری تـر لـە قورئانـدا بـەمانای جیمـاع هاتووە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿قَالَتۡ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞ وَلَمۡ أَكُ بَغِيّٗا ٢٠﴾(مريم).

ئیمـامی ( طَبَري رحمه الله تعالى): لـە تەفسـیری ئـەم ئایەتـەدا دەفـەرموێت: ﴿يَمۡسَسۡنِي﴾ واتە هیچ كەسێك بە شێوەی نیكاحی شەرعی نەهاتووە بـە لامـدا ﴿

﴿وَلَمۡ أَكُ﴾ ئەگەر هیچ كەس بە شێوەی حەڵاڵ نەهاتبێت بەلامدا، ﴿بَغِيّٗا﴾ توشی لادان نەبوم تا لەڕێگەی ناشەرعیەوە منداڵم ببێت[1].

وە ئیمامی (شَنْقِيطي رحمه الله تعالى) لە تەفسیرەكەیدا(أَضْوَاءُ البَيَان) دا، بەم شێوەیە تەفسیری ئایەتەكەی كردووە﴿قَالَتۡ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞ وَلَمۡ أَكُ بَغِيّٗا ٢٠﴾(مريم).

واتە: چۆن من منداڵم دەبێت لە كاتێكدا هیچ مرۆڤێك توخنم نەكەوتووە، واتە جیماعیان لەگەڵ نەكردوم بە ڕێگەی شەرعی، وە داوێن پیسیشم نەكردووە[2]؟ تەواو

وە (إِبنُ حَيّان رحمه الله) لە كتێبی (البَحرُ المحيط)دا دەڵێت: دەربارەی فەرمایشتی خوای گەورە:﴿وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞ﴾ لێرەدا جیماع بە(مَسّ) ناوبراوە، وەك چۆن هەر لە قورئاندا بە (الحرث) و (للباس) و ( المباشرة) هاتووە[3].

منیش دەڵێم لەو ئایەتەدا وشەی (مَسْ) تەنها بەدەست لێوەدان لێك نادرێتەوە چونكە بەدەست لێدان منداڵ دروست نابێت، تاكو (مَرْيَمُ عَلَيْها السّلام) بڵێت كەس دەستی لێ نەداوم تا منداڵم ببێت، ڕاستتر ئەوەیە كە بڵێت هیچ كەس

---

[1] ( تفسير الطبري: ١٨/١٦٥).

[2] (أضواء البيان/ ٣/٣٨٧).

[3] ( البحر المحيط: ٢/٤٩٢).

كۆنەبۆتەوە لەگەڵمدا تا دووگیان ببم و منداڵم ببێـت، كەواتـە مەبەسـت لـە(لَمْس) یان (مَس) جیماعە.

وە خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ إِن طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ مَا لَمۡ تَمَسُّوهُنَّ أَوۡ تَفۡرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةٗ ... الآية ﴿٢٣٦﴾﴾(البقرة).

هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿وَإِن طَلَّقۡتُمُوهُنَّ مِن قَبۡلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدۡ فَرَضۡـتُمۡ لَهُنَّ فَرِيضَةٗ فَنِصۡفُ مَا فَرَضۡتُمۡ ﴿٢٣٧﴾﴾(البقرة)

لە ڕاستیدا سەرجەم زانایان یەكڕان لەسەر ئەوەی كە تـەنها بەدەسـت لێدانی ئاسایی هەموو مارەیی واجـب نـی یـە بـدرێت بەئافرەتەكـە (بـەڵكو تـەنها نیـوەی مارەیی وەردەگرێت ئەگەر دوای مارەكردن تەڵاق بدرێت و نەگوازرابێتەوە).

دیارە مارەیی لە دوای چونەپاڵ و گواستنەوە واجـب دەبێـت هـەموی بـدرێت بە ئافرەتەكـە، وە ئـەم گوتەیـەش لـە كۆمـەڵێكی زۆرەوە گێڕدراوەتـەوە وەك: ( علي كوڕی أبو طالِب رضي الله عنه) و ( أُبَي كـوڕی كَعب رضي الله عنه) و ( إبنُ عَبّاس رضي الله عنهما) و ( مُجاهد رحمه الله تعالى) و ( طاوُس رحمه الله تعالى) و ( حَسَن ی بَصريِ رحمه الله تعالى) و ( عُبَيد ی كـوڕی

عُمَير رحمه الله تعالى ) و (سَعيد ی کوڕی جُبَير رحمه الله تعالى) و ( شَعْبي رحمه الله تعالى ) و ( قَتادة رحمه الله تعالى) و ( مُقاتِل ی کوڕی حَيّان رحمه الله تعالى) و ( أبو حَنِيفة رحمه الله تعالى) [1].

**وە لەسوننەت و فەرمودە صەحیحەکانی پێغەمبەردا ﷺ ئەم بەڵگانە هاتوون:-**

**ئیمامی مسلم لە صەحیحەکەیدا ئەم فەرمودەیەی بۆ گێڕاوینەتەوە، لە دایکمان عائیشەوە کە گوتویەتی:** (فَقَدْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لَيْلَةً مِنَ الْفِرَاشِ فَالْتَمَسْتُهُ فَوَقَعَتْ يَدِي عَلَى بَطْنِ قَدَمَيْهِ وَهُوَ فِي الْمَسْجِدِ وَهُمَا مَنْصُوبَتَانِ وَهُوَ يَقُولُ: اللَّهُمَّ أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ لاَ أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ)[2].

**واتە: شەوێکیان لە سەر جێگەکە، پێغەمبەرم نەبینی ﷺ ئیتر دەستم بۆ کوتا، دەستم دای لە هەردوو پێی ئەو لە سوژدەدا بوو...).**

**هەروەها لە دایکمان عائیشەوە گێڕدراوەتەوە کە گوتویەتی:** (كُنْتُ أَنَامُ بَيْنَ يَدَيْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَرِجْلاَيَ فِي قِبْلَتِهِ فَإِذَا سَجَدَ غَمَزَنِي فَقَبَضْتُ رِجْلَيَ وَإِذَا قَامَ بَسَطْتُهُمَا )[3].

---

[1] أنظر نيل المرام لتفسير آيات الأحكام لصديق حسن خان: ١/٣١٤-٣١٦. وانظر تفسير الطبري: ٥/١٢٧، والقرطبي: ٣/١٩٧، والبغوي: ١/٢٦٧، وغيرهم.

[2] ( مسلم/ ١١٨).

[3] ( البخاري/ ٣٧٥، ومسلم/ ١١٧٣).

واتە: من لە بەردەمی پێغەمبەردا ﷺ دەنوستم، ئەویش نوێژی دەكرد، قاچەكانم لە ئاستی قیبلەكەیدا بوو، ئیتر ئەگەر بیویستایە سوژدە بەرێت، قاچی ئەژەند لە قاچمەوە"بۆ ئەوەی لای بەرم" پاشان كە هەڵدەستایەوە منیش دووبارە قاچم درێژ دەكردەوە.

هەروەها لە عائیشەوە گێڕدراوەتەوە كەگوتویەتی: (كانَ رسولُ الله ﷺ لَيُصلِّي، وإنِّي لَمعترضةٌ بَيْنَ يَدَيهِ إعْتِراضَ الجَنازةِ، حَتَّى إذا أَرادَ أَنْ يُوتِر مَسَّني بِرِجلِهِ)[1].

واتە: پێغەمبەر ﷺ نوێژی دەكردو منیش وەك جەنازە لە بەردەمیدا ڕاكشابووم، ئیتر كە دەیویست نوێژی ویتر بكات قاچی دەدا لەقاچمەوە.

دەڵێم: ئەمانەش بەڵگەی ڕون و ئاشكران لەسەر ئەوەی كە پێغەمبەر ﷺ لە ناو نوێژدا پێستی بەر پێستی خێزانی خۆی كەوتووەو نوێژەكەی نەبڕیوە.

وە لە( عُرْوَة ی كوڕی زُبَير رضي الله عنه)ەوە گێڕدراوەتەوە كە( عائِشة رضي الله عنها) گوتویەتی: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَبَّلَ بَعْضَ نِسَائِهِ ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الصَّلاَةِ وَلَمْ يَتَوَضَّأْ. قَالَ عُرْوَةُ فَقُلْتُ لَهَا مَنْ هِيَ إِلاَّ أَنْتِ؟ فَضَحِكَتْ )[1].

---

[1] أخرجه النسائي/ ١١٦، وأحمد/ ٢٦٧٦٤، والبيهقي/ ٦٢٨، والطبراني في الأوسط/ ٨٧٨٥، والسراج في مسنده: ١/١٤٤، قال ابن حجر في تلخيص الحبير: ١/٣٦٣، إسناده صحيح، وقال الزيلعي في نصب الراية: ١/٧٣، إسناده على شرط الصحيح، قال الألباني رحمه الله: صحيح انظر صحيح النسائي: ١/٣١٠

واتە: پێغەمبەر ﷺ هەندێك لە خێزانەكانی خۆی ماچ كردووەو چووە بۆ نوێـژ، دەستنوێژیشـی نەدەگرتـەوە، ( عُرْوَة ﷺ) گـوتی: قابیلـە هـەرخۆت بویـت، ئـیتر عائیشە پێكەنی.

وە لە دایكمان ( أُمُ سَلَمة ﷺ)ـەوە گێڕاویەتیەوە كە گوتویـەتی: ( أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كان يُقَبِّلها وَهوَ صائِمٌ ثُمَّ لا يُفِطر وَلا يُحدث وضوءاً ) [٢].

واتـە: پێغەمبـەر ﷺ ماچـی كـردووە، بـەڕۆژوش بـووە، ئـیتر پێغەمبـەرﷺ نەڕۆژووەكەی شكاندووە وە نەدەستنوێژی گرتۆتەوە .

ئـەم فەرمودەیـەش (إِبْنُ جَرير ی طَبَرْي رحمه الله تعالى) ڕیوایـەتی كـردووە، پاشـان گوتویەتی: ئەم فەرمودە صەحیحەی كە باسمانكرد لە پێغەمبەرەوە ﷺ، بەڵگەی ئاشـكرایە لەسـەر ئـەوەی كـە(لَمْس) لـەو ئایەتـەدا مەبەسـت پێـی (جِماع)ـە نـەك واتەكانی تری وشەی (لَمْسْ) [٣].

هەروەها بوخاری و مسلم ئەم فەرمودەیەیان گێڕاوەتەوە لە (زَينَب ی كچـی أُمُ سَلَمَة)وە ئەویش لـە دایكیـەوە كـە گوتویـەتی: (حِضْتُ وَأَنَا مَعَ النَّبِيّ ﷺ فِي الْخَميلَةِ

---

[١] أخرجه الترمذي/ ٨٦، وابن ماجة/ ٥٠٢، وأحمد/ ٢٦٢٨٥، والبيهقي/ ٦٢٢، والدارقطني/ ١٥، وابن أبي شيبة/ ٤٨٥، واسحاق ابن راهوية/ ٦٧٢، والحديث صححه الألباني انظر صحيح ابن ماجة/ ٥٠٢

[٢] ( أخرجه ابن جرير الطبري وصححه: ٨/٣٩٩).

[٣] ( أخرجه ابن جرير الطبري وصحح: ٨/٣٩٩).

فَانْسَلَلْتُ فَخَرَجْتُ مِنْهَا فَأَخَذْتُ ثِيَابَ حِيضَتِي فَلَبِسْتُهَا فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ "أَنُفِسْتِ" قُلْتُ نَعَمْ فَدَعَانِي فَأَدْخَلَنِي مَعَهُ فِي الْخَمِيلَةِ قَالَتْ وَحَدَّثَتْنِي أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يُقَبِّلُهَا وَهُوَ صَائِمٌ وَكُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَالنَّبِيُّ ﷺ مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ مِنَ الْجَنَابَةِ)[1].

**واتە: ... ئوم سەلەمە گوتی من و پێغەمبەر ﷺ بەیەكەوە خۆمان دەشۆرد ..**

**هەروەها بوخاری و مسلم لە دایكمان عائیشەوە گێڕاویانەتەوە كەگوتویەتی:**
(كُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ تَخْتَلِفُ أَيْدِينَا فِيهِ مِنَ الْجَنَابَةِ )[2].

**وە** (إِبْنُ أَبِي شَيْبة) **ڕیوایەتی كردووە بە بێژی:** ( كُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ نَضَعُ أَيدِينا مَعاً)[3].

**واتە: عائیشە فەرمویەتی من و پێغەمبەر ﷺ پێكەوە بە ئاوی ناو دەفرێك خۆمان دەشۆرد ... .**

**دەڵێم : ئەگەر دەست لێدانی ئافرەت دەستنوێژی بشكاندایە ئەوا پێغەمبەر ﷺ و خێزانەكانی پێكەوە خۆیان نەدەشۆرد، لەبەر ئەوەی دەستیان بەر یەك نەكەوێت و بەبێ دەستنوێژ لە گەرماو بێنەدەرەوە، چونكە فەرمودەی صەحیحمان بۆ گێڕدراوەتەوە كە پێغەمبەر ﷺ بەر لەخۆشتن دەستنوێژی**

---

[1] (أخرجه البخاري/ ١٧٩٤).

[2] ( أخرجه البخاري/ ٢٥٨، ومسلم/٧٥٧)

[3] ( أخرجه ابن أبي شيبة/ ٣٧٣).

گرتوەو ئیتر لەدوای خۆشۆردن دەستنوێژی نەگرتووە، هەر عائیشە خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: (كانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ لايَتَوَضأ بَعْدَ الغُسلِ مِنْ الجَنابَةِ )[1].

واتە: پێغەمبەر ﷺ لە دوای غوسڵ دەركردن دەسنوێژی نەدەگرت. چونكە وەك زانراوە پێش خۆشۆردن دەستنوێژی دەگرت.

ئەوانەش كە پێچەوانەی ئەو بەڵگانەی سەرەوە دەكەن، تەنها ئەو فەرمودە ضەعیفە دەكەن بەبەڵگە كە لە(مُعاذ)ـەوە ﵁ گێڕدراوەتەوە كە گوایە كابرایەك هاتووە بۆلای پێغەمبەر ﷺ گوتویەتی: ( يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا تَقُولُ فِي رَجُلٍ أَصَابَ مِنَ امْرَأَةٍ لاَ تَحِلُّ لَهُ فَلَمْ يَدَعْ شَيْئاً يُصِيبُهُ الرَّجُلُ مِنِ امْرَأَتِهِ إِلاَّ قَدْ أَصَابَهُ مِنْهَا إِلاَّ أَنَّهُ لَمْ يُجَامِعْهَا فَقَالَ : تَوَضَّأْ وُضُوءاً حَسَناً ثُمَّ قُمْ فَصَلِّ). قَالَ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَذِهِ الآيَةَ ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيۡلِ﴾الآيَةَ فَقَالَ مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ أَهِيَ لَهُ خَاصَّةً أَمْ لِلْمُسْلِمِينَ عَامَّةً فَقَالَ : بَلْ هِيَ لِلْمُسْلِمِينَ عَامَّةً. ... وهذا حديثٌ ضعيفٌ[2].

هەروەها ئەو گوتەیەی ( عُمَر ی كوڕی خطّاب ﵁) دەكەن بە بەڵگە كە فەرمویەتی: ( إنَّ القُبْلَةَ مِنْ اللَّمْسِ فتَوَضأ، مِنْها ).

---

[1] النسائي/ ٢٥٢، والترمذي/ ١٠٧، وابن ماجة/ ٥٧٩، وأحمد/ ٢٤٨٩٣، وغيرهم، قال الألباني الحديث صحيح انظر المشكاة/ ٤٤٥.

[2] **أخرجه الترمذي/ ٣١١٣، وأحمد/ ٢٢٤٦٣، والدارقطني/ ٢٩٢، وقال الألباني ضعيف الإسناد انظر ضعيف سنن الترمذي: ١/٣٨٣.**

واتە: ماچیش هەر لە لەمسە، دەستنوێژی لێبشۆرەوە.

هەروەها ئەوەش دەکەن بە بەڵگە کە(إِبْنُ عُمَر ﷺ) بۆچونی وابووە کە ماچ دەستنوێژشکێنەو فەرمانی کردووە بەگرتنەوەی.

یان ئەو گوتەیەی (إِبْنُ مَسْعود ﷺ) کە دەفەرموێت: ( القُبْلَةُ مِنَ اللَّمْسِ وَفِيها الوُضُوء) [1].

منیش دەڵێم: ئەم ئەثەرانە پێچەوانەی ئەو بەڵگە صەحیحانەن کە لەپێشدا باسمان کردن، وە **بە هێزترین بەڵگەش ئەو بەڵگەیەیە کە بگوترێت خوای گەورە ﷻ دەفەرموێت یان پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت**، چونکە وەك (ئیمامی **مالیك** رحمه الله تعالى) ئاماژەی کردووە بۆ گۆڕەکەی پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ( كُلٌ يُأخَذُ مِنْ قَولِهِ وَيُرَد، إلّا صاحِبَ هذا القَبْر).

واتە: هەموو کەسێك دەکرێت هەندێك لە گوتەکانی وەربگیرێت و هەندێکی وەرنەگیرێت، جگە لە خاوەنی ئەو گۆڕە نەبێت، کە دەبێت سەرجەم گوتەکانی وەربگیرێت.

هەروەها خوای گەورەش فەرمانی پێکردوین کە لە پەیدا بونی جیاوازی بیرو بۆچونمان لەسەر هەر شتێك، یەکسەر بگەڕێنەوە بۆ لای قورئان و فەرمودە،

[1] انظر تفسير الطبري: ٨/٣٩٣، ومستدرك الحاكم/ ٤٧٠، والبيهقي/ ٦١٦.

چونکە جگە لە الله و پێغەمبەرەکەی ﷺ کەسی تر بۆی نیە دینێك و شەرعێکی ترمان بۆ دا بتاشێت.

وە ئەو ئەثەرانەی سەرەوە پێچەوانەی بۆچونی ژمارەیەك (ئەسحابە) و (تابیعین)یشە جاوەك لە سەرەوە باسمان کرد لە (سَعید ی کوڕی جُبَیر رحمه الله تعالى)ـەوە گێڕدراوەتەوە کە دەڵێت: لە ناو خەڵکدا باسی ئەو ئایەتە کرا ئایا وشەی (لَمْس) بە چی مانایەك دێت؟ ئیتر هەندێك گوتیان مەبەست پێی (جِماع)ـە وە هەندێکی تریان گوتیان مەبەست پێی (جِماع) نی یە لەمس هەر لەمسە و مانای دەست لێدانە، ئیتر ئەمەم بۆ (إبنُ عَبّاس رضي الله عنه) گێڕایەوە، ئەویش گوتی: تۆ ڕات لەگەڵ کامیان بوو؟ منیش گوتم لە گەڵ ئەو بۆچونەیان بووم کە دەیانگوت مەبەست پێی ( جِماع )ـە، ئیتر (إبنُ عَبّاس رضي الله عنه) گوتی: ئەو کۆمەڵەیان قسەکەیان ڕاستە کە گوتیان مەبەست پێی (جِماع)ـە وە گوتی: ("المس" و"اللمس"، و"المباشرة") هەموو بە واتەی (جِماع)دێن، چونکە خوای گەورە، (يكني ما شاء بما شاء) چۆنی بوێت وا بەکاریان دەهێنێت[1].

( إبنُ تَيمية رحمه الله تعالى) فەرمویەتی: لەسەر واتای ئەم ئایەتە (عَبدُ الله ی کوڕی عُمَر رضي الله عنهما)و کۆمەڵێك عەرەب زمان، وە (عَطاء ی کوڕی أَبو رَبّاح رحمه الله تعالى) و کۆمەڵێك (مَوالي) واتە غەیرە عەرەب، ناکۆکیان بۆ دروست بووە، ئیتر چون بۆلای

[1] ( أخرجه البيهقي/ ٦٢٠، وابن جرير/ ٩٥٨١).

(إبنُ عَبّاس رضي الله عنه) كە حوكمیان بۆ بدات لەسەری، ئـەویش گـوتی عـەرەب زمانـەكان ڕاستیان كرد.

بەڵام ( إبْنُ عُمَر رضي الله عنهما) گوتویەتی:( قبلة الرجل امرأته ومسها بيده من الملامسة ).

واتە: ئەگەر پیاو خێزانی خۆی ماچ كرد یان دەستی لێوەدا ئـەوا، مانـای وایـە (لَمْس)ی كردووەو دەستنوێژی دەشكێت).

ئەمـەش قسـەی ئیمـامی (مالِك) و زانایـانی شـاری مەدینەیـە جگـە لـەویش، هەنـدێكیش دەڵـێن ئەمـەی سـەرەوە بۆچـونی ( إبْنُ عُمَر رضي الله عنهما)و ( إبْنُ مَسْعود رضي الله عنه) یشە، چونكە ئەوان وایان نەبینیوە كە كەسی لەشگران بۆی هەیە تـەیموم بكـات، لەبەر ئەوە ئەو ئایەتـەی سـەرەوە وا لێك دەدەنـەوە كـە (لـەمس) دەبێتـە هـۆی شكانی دەستنوێژ، بەڵام لە ئایەتەكەدا جوان دیارە كە مەبەستی لەوەیە دروستـە كەسێكی لەشگران تەیموم بكـات، لـە بـارەی واتـای ئـەو ئایەتـە ( أَبو مُوسى رضي الله عنه) بەرپەرچـی (إبْنُ مَسْعود رضي الله عنه )ی داوەتـەوە، ئـیتر (إبْنُ مَسْعود رضي الله عنه ) هـیچ وەڵامێكـی نەداوەتەوە، چونكە لەو كاتـەدا هیچـی لـە یـاد نـەبوو دەربـارەی ئایەتەكـە، ئـەم ڕوداوە ئیمامی ( البُخاري رحمه الله تعالى) لە صەحیحەكەیدا گێڕاوێتیەوە[1].

هـەروەها لـە كتـێبی(إقامة الدليل على إبطال التحليل) گوتویـەتی ئەوانـەی كـە دەڵـێن دەسـت لێـدانی ئـافرەت دەسـتنوێژ دەشـكێنێت، گوتەكـەیان پێچـەوانەی

[1] ( مجموع الفتاوي/ ٢١/٢٣٧).

بنەماکانی دینە، وە پێچەوانەی کۆڕای ئەسحابەیە، و پێچەوانەی فەرمودەکانە، وە ئەوانەی کە دەڵێن دەست لێدانی ئافرەت دەستنوێژ دەشکێنێت، هیچ بەڵگەیەکیان پێ نیە، چونکە ئەگەر وشەی (لَمْس) لەم ئایەتەدا کە دەفەرموێت: ﴿ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴾ مەبەست پێی دەست لێدان یان ماچ کردن و ئەو بابەتانە بێت وەك (إبْنُ عُمَر ﷺ) و جگە لەویش وایان گوتوە، چونکە وەك زانراوە لە قورئان و فەرمودەدا بۆمان ڕونکراوەتەوە ئەو لەمسە مەبەستی لەدەست لێدانە لەگەڵ (شَهوة) واتە: لەگەڵ ئارەزودا، ئەوەتا خوای گەورە دەربارەی حوکمی (إعْتِكاف) واتە مانەوە لەمزگەوتدا بە مەبەستی خوا پەرستی، دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ ١٨٧ ﴾ وە هەروەکو زانراویشە بەرکەوتنی پێستی ئافرەت(مباشرة) بۆ کەسێك لە(إعْتِكاف)دا بێت بەبێ مەبەستی ئارەزوو حەرام نیە تەنها لەگەڵ ئارەزودا حەرامە، هەروەها ئەوکەسانەی کە لە(إحرام)دان ئەگەر پێستیان بەر پێستی خێزانیان بکەوێت بەبێ هەبونی ئارەزو حەرام نیە، وە قوربانی کردنیان نایەتە ئەستۆ بەوهۆیەوە، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ طَلَّقۡتُمُوهُنَّ مِن قَبۡلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ ﴾ وەیان دەفەرموێت: ﴿ لَّا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ إِن طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ مَا لَمۡ تَمَسُّوهُنَّ أَوۡ تَفۡرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةٗ ﴾ لێرەدا دیارە کە ئەگەر پیاوێك دەستی دا لە مارەبڕەکەیەوە دەست لێدانێکی ئاسایی بەبێ جووت بون، وە تەڵاقی دا پێویست بە عیددە ناکات ( واتە دەست بەجێ ئەو ئافرەتە دەتوانێت شوبکاتەوە و ماوەی چاوەڕوانی ناوێت) مارەییە کەشی دانامەزرێت

(واته تەنها نیوەی مارەییەکەی وەردەگرێت نەك هەمووی) وە حەرامیش نابێت بە بۆنەی ژن و ژنخوازیەوە واتە (مُصاهَرَة) ئەمەش کۆڕای زانایانی لەسەرە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر لەگەڵ ئارەزودا دەستی لێبدات بەبێ ئەوەی بیگوێزێتەوە یان جوتبێت لەگەڵیدا ئەوا جیاوازیەکی زانراو هەیە لە نێوانی زانایانی مەزهەبی ئیمامی ( أحمد رحمه الله تعالى) و جگە لەویش.

بۆیە هەرکەس وشەی (لەمس) لە ئایەتی ﴿ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴾ وا لێك بداتەوە کە مەبەستی تەنها لە دەست لێدانی ئاساییە ئەگەر هیچ ئارەزویەکیشی لەگەڵدا نەبێت، ئەوا دەردەچێت لەو زمانەی کە قورئانی پێ دابەزیوە، بگرە دەردەچێت لەو زمانەش کە لەناو خەڵکدا باوە، چونکە ئەگەر وشەی (مَسْ) بەکارهات لە نێوان ژن و پیاودا یەکسەر دەزانرێت کە مەبەست پێی دەست لێدانە لەگەڵ ئارەزودا، هەروەك چۆن کە وشەی (وَطء) لە نێوان ژن و پیاودا یەکسەر دەزانرێت مەبەستی پێی جووت بونە[١] .

منیش دەڵێم ئەگەر دەست لێدانی ئافرەت بو بەهۆی دەرچونی (مَذي) لە پیاو، (کە ئاوێکی لینجی ڕونە) ئەوا بێگومان دەستنوێژ دەشکێنێت، بە بەڵگەی

---

[١] ( إقامة الدليل: ٢/٣٣٨).

ئەو فەرمودەیەی کە( عَلي کوڕی أَبو طالِبْ رضي الله عنه ) گێڕاویێتیەوە دەفەرموێت: (كُنْتُ رَجُلًا مَذَّاءً فَأَمَرْتُ الْمِقْدَادَ بْنَ الْأَسْوَدِ أَنْ يَسْأَلَ النَّبِيَّ ﷺ فَسَأَلَهُ فَقَالَ : فِيهِ الْوُضُوءِ )[1].

واتە: من کەسێك بوم (مَذي)م زۆر بوو، ئیتر بە( مِقْدَاد ی کوڕی أَسْوَد)م گوت رضي الله عنه کە لە پێغەمبەر ﷺ بپرسێت، دەربارەی ئەوە، ئەویش لێی پرسی، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: دەستنوێژ دەشکێنێت.

وە نوێژ بەبێ هەبونی دەستنوێژ هەرگیز وەرناگیرێت، بە بەڵگەی فەرمودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت: (لَاَ تُقْبَلُ صَلاَةُ مَنْ أَحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ )[2].

واتە: نوێژی کەسێکی بێ دەستنوێژ وەرناگیرێت هەتاکو دەستنوێژ نەگرێت.

وە هەروەها پرسیارکراوە لە(اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء) دەربارەی ئەوەی ئایا بەدەست لێدانی ئافرەت دەستنوێژ دەشکێت یان نا؟ فەرمویانە: (إذا مس الرجل المرأة مباشرة ففيه خلاف بين أهل العلم، هل ينتقض وضوءه أم لا. والأرجح أنه لا ينقض الوضوء؛ لأن النبي صلى الله عليه وسلم قبَّل بعض نسائه ولم يتوضأ؛ ولأن هذا مما تعم به البلوى فلو كان ناقضاً لبينه النبي صلى الله عليه وسلم. وأما قوله

---

[1] (أخرجه البخاري/ ١٧٦، ومسلم/ ٧٢١).

[2] ( أخرجه البخاري رحمه الله تعالى/ ٦٥٥٤)

سبحانه في سورة النساء والمائدة: ﴿ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴾ فالمراد به الجماع في أصح قولي العلماء ) [1].

واتـە: دەربـارەی دەسـت دان لـە پێسـتی ئـافرەت، جیـاوازی هەیـە لـەنێوان زانایانـدا ئایـا دەسـتنوێژ دەشـكێنێت یـان نـا؟ وە بۆچـونی ڕاسـترین ئەوەیـە دەستنوێژ ناشكێنێت، چونكە پێغەمبـەر ﷺ ماچـی هەنـدێك لەخێزانـەكانی خـۆی كردووەو دەستنوێژی نەشـۆردۆتەوە، چـونكە ئەگـەر بەدەسـت لێـدان دەسـتنوێژ بشكایە ئەوە دەبوە كێشـەیەكی گـەورە، هـەروەها ئەگـەر دەسـت لێـدان یـەكێك بوایە لەدەستنوێژ شكێنەكان ئەوا بێگومان پێغەمبەر ﷺ بـۆی ڕون دەكردینـەوە، وە ئـەو ئایەتـەی سـورەتی النساء و المائدة كـە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴾ مەبەست پێی (جِماع )ـە بە گوێرەی ڕاسترین گوتەی زانایان.

هـەروەها (وەزارەتـی ئـەوقاف و كاروبـاری ئیسـلامی لـە كوەیـت) فـەتوای دەركـردووە كـە تیایـدا هـاتووە، مانـای ئایـەتی ﴿ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴾ (جِماع)ـە، هـەروەك چـۆن (إبنُ عَبّاس رضي الله عنه) بـەو شـێوەیە تەفسـیری كـردووە، هـەروەها بـە كردارەكانی پێغەمبەر ﷺ ئەم واتەیەیان زیاتر چەسپاوە[2].

---

[1] ( فتوى رقم: ١٤٠٥).

[2] ( الفتاوي الفقهية/ ١٣/١٣٤).

وه **شێخ**(إبْنُ باز رحمه الله تعالى) **له فەتواكانیدا گوتویەتی:** ( أما قول الله سبحانه في آيتي النساء والمائدة ﴿ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴾ فالمراد به الجماع في الأصح من قولي العلماء، وهو قول ( إبنُ عَبّاس رضي الله عنهما ) وجماعة من السلف والخلف، والله ولي التوفيق )[1].

**بەم شێوەیە كۆتایی دەهێنم بەڕونكردنەوەو دەرخستنی مەبەستەكەمان، جا ئەگەر هەر كەموكووڕی و لادانێكی تێدا بوو ئەوە لەنەفسی خۆم و شەیتانەوەیە و خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ لێی بەرین، وە ئەگەر ڕاست و دروستیش بوو ئەوا تەنها لەلایەن خوای بێ هاوەڵەوەیە.**

**لەكۆتایدا داواكارم لەخوای گەورە كە پاشەڕۆژێكی باشمان پێ ببەخشێت لەسەرجەم كارەكانماندا، وە بمان پارێزێت لە سەرشۆڕی دنیاو قیامەت، وە ئامۆژگاریم بۆ خۆم و ئەو برایەشم ئەوەیە كە لەخوا ترسانمان هەبێت لەئاشكراو نهێنی دا، وە سووربین لەسەر بەدەست هێنانی زانستی شەرعی و دەستگرتن بەسوننەتی پێغەمبەرمانەوە ﷺ و پەرۆش بین بۆی و هەوڵبدەین بۆ سەرخستنی، وە خۆمان بپارێزین لە بیدعە و بیدعەچیەكان.**

---

[1] ( فتاوي ابن باز: ٣/٣٦٧).

خوای گەورە لەخۆم و دایك و بابم و مامۆساکانم و هەرکەسێك مافی هەیە بەسەرمەوە خۆشببە، **وصلي اللهم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**..